# ساردی پرەنسییەکان و زەمەنی کاڵ و کرچ

## (خوێندنەوەیەک بۆ پێشانگای خاکی حەمەبەهادینی شێوەکار )

بەشی سێیەم



ئیسماعیل حەمە ئەمین

بەربەریەت ئەو وشەیە بۆ پێناسەکردنی دەرگا فیگورئامێزەکانی بەهادین بەکارم هێنا. لەم گۆشەنیگایەوە من بەربەریەت بەدیووە توندو تیژیەکەیەوە پابەند ناکەم، بەقەد هێندەی بەدیووە سەرەتایەکەی. من پێمووایە لەهەموو کولتورێکی سەرەتایدا جۆرێک لەبەربەریەت ئامادەیە، بەڵام ئەمە بەربەریەتێکە دژی کات نەک زەمەن، بەمانای خاوەنی زەمەنی خۆیەتی بەڵام خاوەنی کاتی خۆی نیە، بەمانایەکی دیکە خاوەنی کاتە بەڵام لەچوارچێوەیەکی زەمەنی خۆیدا. کاتێک دەڵێین سەرەتایی مەبەستمان ئەو کولتورەیە شتێکی لە کاڵفامی لەخۆ گرتووە، نادیسپلینی وهەرەمەکیەت وقەرەباڵغی سۆمبۆل ورەنگەکان بەشێکن لەو سیفاتە دیارانەی ئەم جۆرە کارانە، تەنانەت لەشیعر و ئەدەبیاتی دەماودەمی ئەم کولتورانەوە ئەم هەرەمەکیەت وقەرەباڵغیەی جیهانبینیە بچوکەکان هەستی پێدەکرێت. ئەم سەرەتاییە/ئەم پریمیتیڤە (Primitiv) بەشێکە لەکەوتنەخوارەوەی دیوێکی (نەستی کۆمەکی) بۆنێو کاری هونەری، ئەو کارانەی ئێمە بەهونەری سەرەتایی ناوی دەبەین، یاخود بە هونەری پریمیتیڤ.

لێرەوە دەرگاکان گەرانەوەیەکن بۆ هەموو ئەو دەرگایانەی لەکۆڵانی قەزازەکانی سلێمانی بینیومانن: پیمەکان، بزمارە داکوتراو و پارچە تەنکەکان کەلەبەشی خوارەوەی زۆربەی دەرگاکاندا بەبزماری زبرودلاەق داکوتراون، ئەو کۆنەستە دەخاتە سەر شانۆیی نمایشکردن کەبەهادین لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە. ئەو پرمیتیڤیە هونەریەی قوڵ وزۆرقوڵ لەنێو کارەکانیدا خۆی حەشارداوە، ئەو شەرە سەختەی لەگەڵ مۆدێرنەدا دەیکات ولەگەڵ تەکنۆلۆژیای دنیای پۆست کاپتالیست ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

پرمیتیڤ ئامادەیە بەهەموو ڕەنگەکانیەوە، بەرەنگە زەق ودیار ودرەندەیەکانیەوە، بەئەفسانەکانیەوە، کەلەرەنگی کوژەکەی شین باودا خۆیان دەنوێنن. دەرگاکان و بەشێکی زۆری تابلۆکان ئەو شینیە کوژەکیەیان تێدا ئامادەیە، کەنەک تەنها ئاماژەیە بۆ ئاماژەبۆکراوی ڕەنگەدێرینە کوردیەکان، ئەوانەی لەدەسترازەوە بیگرە تاوەکو ڕەنگی بێشکە و گولینکەی سەرلانکەکان. بێگومان تاوەکو دەگاتە ئەو زەمەنەی هێشتا رەشەوڵاخ بەنێو شاری سلێمانیدا تێپەر دەبوون!. ئیدی یان گالیسەکەی گواستنەوەی شمەک بوون، یاخود گالیسکەی لوکسوسی خەڵک گواستنەوە بوون کەبەتریشقە ناودەبرا. ئەو گالیسکەی لەبەشێکی زۆری رۆمانسیە فەرەنسیەکانی وەک (ستاندال) بوونی هەیە، بەهەمان ریتم لەکوردستانی دێریندا وەک رەدوکەوتوویەکی رۆژهەڵاتی دواهەمین واگۆنی بەکاربراوی خۆرئاوا، ئاوەها عەرەبانەی تریشقە، ئەو زەمەنە رۆمانسیەی تاوەکو ناوەراستی حەفتاکانی سەدەی بیستەم بەنێو شاردا تێپەر دەکرد. هەموو کوژەک ورەنگی شین و رەنگی قاوەپی سوورباوی رەشمەی وڵاخەکان وبزمار و پیم و قفلی سەردەگا و میتاڵی ژەنگاوی قوپاو، و زیو و ملوانکەو رەنگی زیوی ئەو زەمەنە، کەفافۆن و مەسینەی زیو و دەستشۆر بەشێک بوون لەو ماڵداریە سەختەی پابەندبوون بە مێـینەی کوردیەوە. ئەمە جگەلەرەنگەکانی سندوقی بوراق، کەوێنەی لەشێکی ئەسپێکی باڵدار بوو ، بەڵام لەجیاتی سەری ئەسپ، سەری ئافرەتێکی شەهوانی بووا. ئەسپێکی باڵدار بەپێی ئەفسانە ئیسلامیەکان لەشەوێکدا پەیامبەری موسولمانانی لەشەوی میعراجدا بەحەوت تەبەقەی ئاسماندا هەڵکشاندووە و لە (ئۆرشەلیم / قودس) نیشتۆتەوە، ئەو شوێنەیە نێزیکە لە دیواری گریانی جولەکەکان، ئەو شوێنەی بەردەوام شەری ئاین و دنیا پرۆفانی و فانی، شەری نێوان ئاینەکان و دنیای دەرەوەی خۆیانی لەسەر هەڵگیرساوە. دوا جەنگیش ئەم جەنگەی نوێیەی ئەمریکانزم و ئیسلامەویەتە. هەموو ئەمانە لەبوراقەوە شەرعیەتی خۆی وەرگرتووە، بوراقێک ئیسلام دەگەرێنێتەوە بۆ ئۆرشەلیم بۆ ئەوەی لەدوایدا بیکەن بەقودس ..

ئەم یادەورە میتۆلۆژیە لەهەموو ئەو ڕەنگانەدا ئامادەن کە(بەهادین) لەتابلۆکانی ئەم پێشانگایەوە بیگرە، بەڵکو پێش ئەویش، تاوەکو دەگاتە هەڵکەوتنی جۆری دەم وچاو و گوریسەکان و سومبۆلە نەخشەکێشراوەکانی سەر تابلۆکانی خاک.. هەموو ئەمانە گەرانەوەی یادەورەیە بەڵام شێوەیەکن کە (پرمیتیڤ) هێناویەتی ، نەک هۆشمەندیەکی مۆدێرن. ئەمەش بەرای من نهێنی سەرکەوتوویی کارەکانی بەهادین نیشاندەدات.

٧

بۆچی ئەم هونەرە بەربەریە، بۆچی تەنانەت تابلۆکانیش کەبەشێکی زۆریان بۆیەی زەیتین و رەنگی سپی زاڵە بەسەر تەواوی ئەو رووبەرەدا بە درەندەخواز ولەهەندێک شوێندا بەپریمیتیڤ دەچوێنم. بەمەرجێک ئێمە لەبەردەم هونەرمەندێکداین لەتەواوی خۆیدا وەک خودێک لەنێو رۆژانە ژیانەدا مۆدێرنە!، بەزمانێکی دیکە بلێم شارستانیە بەمانا پراکتیکەیەکەی!. ئایا ئەمە ئامادەبوونی دووشێوە ژیانی دژ بەیەکەن، یەکێکیان شێوەکاری و ئەویدیکەیان رۆژانەیە؟!. ئەمە دووفاقیە یاخود تەواوکاری یەکترن؟، ئەمە دژایەتی و دوومانا هەڵگر وئەمبیڤالێنت ودووبەهاخوازیە، یاخود ئەڵقەی زنجیرێکی پێکەوە بەستراون پێکەوە؟، ئایا بەربەریەت لەنێوماندا دەژی؟، ئایا هونەری شێوەکار چەند مۆدێرن بێت ئەوا گەرانەویەکی دیکەیە بۆ پریمیتیڤ، هەروەک ئەوەی کاری داهێنان بەبێ بوونی ئەو پرمیتیڤیە بوونی نەبێت؟!!.

باتۆزێکی دیکە بەنێو ئەم تێزەدا رۆبچینەخوار و رەگەزەکانی شیبکەینەوە، بابگەرێنەوە بۆ پریمیتڤ و هونەرەکانی، بزانین لەکوێی زەمەندا وەستاوە، لەکوێی دنیادا مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکات. بەگەرانەوە بۆ (ئۆکتافیۆ باز) کاری هونەری: بلۆکێکە لەزەمەنێکی راکردوو کەبەئاسانی تێپەر نابێت، بەئاسانیش وەک سروە بایەک ناگیرێت، وەک بیرۆکەیەک ، ئیدیایەک وەهایە، بەڵام سەرەرای سروەی لەنێو هەوادا، بەقەد شاخێک قورسە...

.Octavio Paz. Essay١
s٩.١٩٨٤.Suhrkamptschenbuch

مەبەستی لەبلۆک، کارێکی تەواوە بەهەموو دووریە تەواوکاریەکانیەوە،کەلەبەردەم ئێمەی تەماشاکاری فیگور وپەیکەر وتابلۆدا خۆی ئامادە دەکات. بلۆک بەمانای پێکهاتەیەکی تەواوە لە زەمەن و بیرۆکەو جیهانبینی کەئێمە بتوانین سەرسامی ونیگەرانی خۆمانی تێدا ئاوێنەیی بکەینەوە، ئاوێتەبونێکی دیکەی ئەو بیرۆکانەیە کەهونەر لەبەرامبەر وەرگرو تەماشاکاریدا بەتۆبزی لەبەردەماندا قووتی دەکاتەوە. بلۆک ئەو تەواوکاریە هونەریەی زەمەنێکی راکردووە لەنێو تابلۆوە بۆ نێو زەمەنێکی دیکەی ئەوی بەرامبەر پەلدەهاوێ و دەچێتە نێو زەمەنی خوێنەر یان تەماشاکار، یان وەک لەموزیکداهەیە دەچێتە نێو ریتمی گوێگر بەهەموو دووریە دژبەیەکەکانیەوە.

چوونە نێو زەمەنی ئەویترەوە لەکارەکانی بەهادیندا، بەتایبەت لەپێشانگای ئەمجارەی کەبابەتی (خاک) ومیتۆسەکانی (میتۆلۆژیاکانی)، خاڵی نێوەندی ئەم پێشانگایە بوون. لەهارمۆنیەتێکی جواندا توانیبووی خۆی بەرجەستە بکات، بەڵام بەئامادەبوونی (پریمیتڤ) لەسەرێکەوە و (بەربەریەت) لەسەرێکی دیکەوە!. چۆن ئەم دووانە جیادەبنەوە و چۆن لەکارەکانی بەهادین ئامادەگی هەیە. ئەمەش تەوەرەویەکی دیکەن کەلەم خوێندنەوەیەدا تاوتویێ دەکەین.

٨

بەرای (ئۆکتافیۆ باز) کاری مرۆڤە سەرەتاییەکان، باپیرانمان لەئەشکەوتەکاندا، هۆزەکانی پێش زەمەنی دابەشبوو بەکاتژمێر و دیسپلین، کارێکی هونەری (پێش کات) و پێش زەمەنن، کەئێمە لێرە بە(پێشکات) یاخود (بەرایی کات) ناوی دەبەین. (کاری پرمیتیڤەکان کۆرپەبوونی زەمەنێکی پێش خۆیەتی،بەمانای مەحالە لەرێگەی چەمک و وشەکانەوە بزانین نوێنەری کامە زەمەنن. من ئەمە ناو دەنێم زەمەنی دێرینەی مەجاز، دێرینە میتافەر Ur-Metapher. یاخود ئەو بنەتۆوەی هەموو ژیانێکی تێدایە، ئەو بنەتۆوەی لەدوایدا دەبێت بەرووەک، بەرەگ و گەڵا... ...

.Octavio Paz. Essay١
١٩٨٤.Suhrkamptschenbuch

بەمشێوەیە بنەتۆوێک هەیە کەهەموو ژیانی بەهەرەمەکیەتەوە لەخۆداهەڵگرتووە، دێرینەمەجازێکە بۆ هەموو بونەوەران لەفۆرمێکی نازەمەنیدا، چونکە کاتێک وێنەی سەر ئەشکەوتەکان تەماشا دەکەین، هەست بە نازەمەنیەک دەکەین، کەزیاتر زەمەنی ئاژەڵەکانە نەک مرۆڤەکان، شکۆداریکردنی مامۆسە گەورە وفیلەگەورە توکنەکانە لەبەرامبەر بچووکی جەستەی مرۆڤی سەرەتایی. ئەوەندە خەمی راگیرکردنی زەمەنێکی تێدا بەدیناکرێ، بەقەد ئەوەندەی پەرشبوونەوەیەکە بەسەر رووبەرێکی هەرەمەکیەتدا، مەبەستی ئامادەکردنی روانینێکە بۆ چاو، گێرانەوەی چیرۆکی ژیان و مردنە، پێکهێنانی میتۆلۆژی نێوان سروشت ومرۆڤە. ئەوەندە خەمی بەرهەمهێنانی ماناو چەمک و ئیدیای نیە، لەپێش زەمەنەوەیە، چونکە زەمەن لەکاری هونەریدا، بۆنمونە کلاسیک، لەگۆشەنیگای خۆیەوە، ئەرکی بەرهەمهێنانی ئیدیا و چێژێکی مەبەستداری گرتۆتە ئەستۆ، کەزیاتر پیرۆزکردنی دنیای خواوەندو سروشت ونوێنەرەکانی بوون لەسەر زەوی، بەمانای بۆ ورووژاندنی پنتێکە لە ئەویتری تەماشاکار. بەڵام پریمیتیڤ ئەوەی ناوێت خۆی شلدەکات بۆ هاژەی ئەو چەمەسەرشێتەی سروشت و بونەوەرەکان، بۆئەوەی بەتۆبزی بیانبات لەگەڵ خۆیدا، خۆی شل دەکات بۆ لافاوی شتەکانی دەوروبەر و خورافەی هەڵتۆقیوو..ئاوەها پریمیتیڤ باوەش دەکات بەجیهاندا وەک خۆی، رێگەدەدات جیهان بێتەناویەوە نەک ئەو بچێتە جیهانەوە.

پریمییڤ لەهونەری شێوەکاریدا رژانی هەموو جیهانە بۆنێو خودی کاری هونەری، خۆشلکردنەن بۆ سروشت و ئیلهامی دێرینە میتافەر، لەشیعریشدا بەرهەمهێنانی پێش مەجازە، یاخود بڵێم دێرینەمیتافاری شیعریە لەنێو تێکستدا، ئامادەبوونی بەربەریەتە لەنێو پێچەکانی خاکدا.

ئۆکتاڤیۆ باز دەڵێت: پێشکات و دێرینە میتافەر، ساتەوەختی ئامادەگی ئێستایەکی نادیارە.چاکتر وایە بڵێم: سەرچاوەی نادیارە نەک وەک ئامادەبوون، بەڵکو وەک چاوەڕوانیکردن و هەرەشەکردن وبۆشاییەک. ئەوە قوتبوونەوەی ئێستایە لێرەی هەبوودا.لێرەی ئێستادا، لێرەی ساتەوەختی بنینی ئێستاکێی وروژێنەری، هەرەشەئامێزی، هێزێکی نێوەکی بینراوی ڤیرتوالی...کەواتە ئەوە چیە لەپشت ئەو ساتەبینینەدا خۆی حەشار داوە؟. کاری پریمتیڤ وەک (بنەتۆو) وەهایە یاخود لەپشت ئەو ماسکەوە ئێستاکێ بەهەموو هەقیقەتیەوە خۆی حەشارداوە....چونکە ئەمە نەهێڵی مێژوویی هەیە ونەناوەرۆکێکی ئاینی. لە دنیایی وپرۆڤانیەوە وساکرالیەت وپیرۆزیدا نێوەندەکان میلی کاتژمێر و کاتمان بۆ دیاری دەکەن، لەرێگەی خوداوەند یاخود نمایشکردنی چەمکێک یان میتۆس و ئەفسانەیەک.. . هـس. پ.

من پێموایە ئەم کارانەی هۆزە سەرەتایەکان، کارێکن هیچیان کەمتر نیە لەنیگارکێشی ساکرال (پیرۆز) کەزەمەنی خواوەند و مرۆڤ و میتۆلۆژیای نمایشکردووە، تاکە جیاوازی بەپشت بەستن بە تێزی (ئۆکتاڤیۆ باز) ئەوەیە، ئەوان مەبەستیان بەرهەمهێنانی ئیدیا وبیرۆکە نەبووە، بەو شێوە مەبەستداریەی کەلەکلاسیکدا دەبینرا، وەک مەزنکردنی بوونەوەر و سروشتی خودایی بە هێڵکاری پرفێکت و تەواوکار کەلەژێر دەستی وەستایی کارامەی هونەری نیگارکێشیدا دەبووە بەشێک لەگوتاری دەسەڵات. یاخود کاری ئەم هونەرە مەزنکردنی کلێسابووە. کلاسیک هەولیدەدا لەئەنتیکاوە بیگرە تادەگاتە مەزنکردنی ئیمپراتۆریەتی رۆما، بەشێک بێت لەمەزنکردنی ئەو میراتیە فەلسەفیە ونیشاندانی ئەنتۆلۆژیای گریکی. بەپێچەوانەوەی ئەمەوە، کاری هونەری سەرەتایی وەک منداڵێک وەهایە لەخۆرسک و عەفەویەتەوە ماناکانی خۆی بەرهەمدێنێت، بێئەوەی بزانێت ئەمانە مانان، کاری سەرەتایی کەتەنانەت لەشێوازی دەرگای کۆن و کوژەکە وسنوق ونیگارکێشی سەرەتایی و گێرانەوەی دەماو دەم وگۆرانیدا خۆی نمایشکردووە، هەموو ئیدیاکانی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەبێئەوەی مەبەستی بێت. بەمانایەکی دیکە سەرەتایی لەنێوماندا سەمای خۆی دەکات، لەزەمەنێکی ئێستاکەدا ئامادەبوونی نادیارێکە کەنازانین لەکوێوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، بەڵام وەک ئەو بنەتۆوە وەهایە کەسەرچاوەی هەموو سەوزایی و ژیانەوەیەکە.



کارێکی هونەریی حەمە بەهادین